# یاسای مووچەی فەرمانبەرانی میری و کەرتی گشتی
# ژمارە 22ی ساڵی 2008 هەموارکراو

## مەبەستی دەرچوواندنی ئەم یاسایە

**مادەی یەکەم:**

مەبەســت لەم یاســایە هەموار کردنی مووچەی ئەوانــەی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە بۆ مسۆگەر کردنی ئاستی بژێوی باشتر بە لەبەر چاو گرتنی توانای زانســتی و پایەی وەزیفی و شــوێنی جوگرافی و ترسناکی و سالانی خزمەت و باری کۆمەلایەتی.

## ئەوانەی ئەم یاسایەیان لە سەر جێبەجێ دەکرێت

**مادەی دووەم:**

حوکمەکانــی ئەم یاســایە پەیڕەو دەکرێت لە ســەر فەرمانبەرانی پلە یەکی وەزیفی بەرەو خوار بە پێی خشتەی مووچەکان و خشتەی سەرمووچەکان کە پاشکۆی ئەم یاسایەیە (خشتەی ژمارە 1).

## پلەو سەرمووچەی سالانە و ماوەی پلە بەرز کردنەوە

**مادەی سێیەم:**

**یەکەم:**

پلەکانــی فەرمانبــەران و ســەرمووچەی ســالانەیان و مــاوەی پلــە بەرز کردنەوەیان بەم شێوەیە دەبێت کە لە خشتەی مووچەکان و سەرمووچەی سالانە هاتووە کە پاشکۆی ئەم یاسایەیە.

**دووەم:**

بــۆ ئەنجوومەنــی وەزیــران هەیە بڕە پــارەی مووچەکانی کــە هاتووە لە

خشــتەی مووچــەکان، کە پاشــکۆی ئەم یاســایەیە (خشــتەی ژمــارە 1)، هەموار بکاتەوە لەبەر رۆشنایی بەرز بوونەوەی ڕێژەی هەڵاوسان بۆ کەم کردنەوەی کاریگەرییەکانی لە سەر ئاستی بژێوی گشتی فەرمانبەران.[1]

**سێیەم:**

هەمــوار کردنــەوەی بــڕە پارەکانی هاتوو لە بڕگە دووەمی ســەرەوە لەم مادەیە بە بنەمادانانی ســاڵی بنەڕەتی و ڕۆژی جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە دەبێت ساڵی بنەڕەتی یەکەم.

## مووچەی بنەڕەتی فەرمانبەران لە کاتی دامەزراندنیان بە پێی بڕوانامە

**مادەی چوارەم:**[2]

**یەکەم:** لەگەڵ ڕەچاو کردنی حوکمەکانی پەیوەســت بە وەسفی وەزیفەکان، هەڵگرانــی بڕوانامەکانــی هاتوو لە خوارەوە یــان هاوتاکانیان، دادەمەزرێن بە مووچەکانی هاتوو بە پێی خشــتەی مووچە و ســەرمووچەی ساڵانە کە پاشکۆی ئەم یاسایەیە.

أ- ئەوانــەی هەڵگری هیــچ بڕوانامەیەکی خوێندن نین لــە پلە/10 پایە1 بە مووچەی 140 هەزار دینار.

---

(1) لە 2013/8/21 ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراقی فیدراڵ بە پێی ئەو دەسەڵاتەی پێی دراوە لە یاسای سەرەوە و بەبڕیاری ژمارە (352 ی ساڵی 2013) مووچەی فەرمانبەرانی کۆتاپلەکان زیاد کرد لە پلە 10 تاکو 4ی ڕیزبەندی پلەی وەزیفی لە سەر مووچەی بنەڕەتی (پلە 10 بە ڕێژەی 114% ، پلە 9 بە ڕێژەی 78%، پلە 8 بە ڕێژەی 54%، پلە 7 بە ڕێژەی 42%، پلە 6 بە ڕێژەی 27%، پلە 5 بە ڕێژەی 14%، پلە 4 بە ڕێژەی 4%) وەکو لە خشتەی نوێی مووچە کە لە پاشتر دیاری کراوە. ئەمەش دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی مووچەی ئەو فەرمانبەرانەی کەوا مووچەکانیان کەمە و بە تایبەتی دواپلەکانی ڕیزبەندی وەزیفی و ئەم بڕیارەش لە 2014/1/1ەوە جێبەجێ دەکرێت بەڵام تا ئێستا لە عێراقیش جێبەجێ نەکراوە لەبەر کورت هێنانی بودجە.

هەروەها ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق بە بڕیاری ژمارە (366 ی ساڵی 2015) دەستکاری مووچەی بنەڕەتی کردووە کە لە بەشی هەشتەمی ئەم کتێبە باس دەکەین.

(2) بە پێی مادە1 بڕگە یەکەم لە یاسای ژمارە 103 ی ساڵی 2012 هەموار کرایەوە، کە لە ژمارەی 426 لە 2012/12/31ی ڕۆژنامەی وەقایعی عێراقی بڵاو کراوەتەوە.

ب - هەڵگرانی بڕوانامەی خوێندنی سەرەتایی لە پلە/10 پایە4 بە مووچەی 152 هەزار دینار.

ج -هەڵگرانـی بڕوانامـەی خوێندنـی ناوەندی لە پلە/9 پایـە1 بە مووچەی 185 هەزار دینار.

د - هەڵگرانی بڕوانامەی خوێندنی ئامادەیی بە هەموو لقەکانی لە نێوانیاندا ئامادەییە پیشەییەکان لە پلە/8 پایە1 بە مووچەی 240 هەزار دینار.

هـ - هەڵگرانی بڕوانامەی پەیمانگا کە ماوەی خوێندنی پێویست بۆ وەدەست هێنانی 2 ساڵە پاش خوێندنی ئامادەیی و پەیمانگەی مامۆستایان کە ماوەی خوێندنی پێویـست بۆ وەدەسـت هێنانی 5 سـاڵە پـاش خوێندنی ناوەندی دادەنرێن لە پلە/8 پایە5 بە مووچەی 260 هەزار دینار.[1]

و - هەڵگرانـی بڕوانامـەی بەرایی زانکۆ (بەکالۆریـۆس) لە پلە/7 پایە1 بە مووچەی 296 هەزار دینار.

ز - هەڵگرانی بڕوانامەی بەرایی زانکۆ لە دەرمانسـازی یان پزیشکی ددان یان پزیشکی ڤێتێرنەری یان ئەندازیاری یان هاوتاکانیان کە ماوەی خوێندنی پێویست بۆ وەدەست هێنانیان لە 5 ساڵ کەمتر نییە پاش خوێندنی ئامادەیی لە پلە/6 پایە1 بە مووچەی 362 هەزار دینار.

ح - هەڵگرانی بڕوانامەی ماسـتەر و هاوتاکەی و کۆلیژی پزیشـکی عێراقی یـان هاوتاکەی کە ماوەی پێویسـت بۆ وەدەسـت هێنانی لە 6 سـاڵ کەمتر نەبێت پاش خوێندنی ئامادەیی لە پلە/6 پایە3 بە مووچەی 374 هەزار دینار.

ط - هەڵگرانی بڕوانامەی دکتۆرا کە ناتوانرێت بەدەست بهێنرین بە کەمتر لە 3 ساڵ پاش بڕوانامەی بەرایی زانکۆ دادەنرێن لە پلە/5 پایە3 بە مووچەی 443 هەزار دینار.[2]

---

**(1) پاش تەواو کردنی یەک ساڵی خزمەت ناونیشانەکەی دەگۆڕدرێت.**

**(2) بە پێی مادە1 بڕگە یەکەم لە یاسای ژمارە 103 ی ساڵی 2012 هەموار کرایەوە ، کە لە ژمارەی 426 لە 2012/12/31ی ڕۆژنامەی وەقایعی عێراقی بڵاو کراوەتەوە.**

**دووەم:** ســالانی خوێندنی تر لە سەر ئەو بڕوانامانەی بڕگەی یەکەمی ئەم مادەیە ئەژمار دەکرێت بە شــێوەی ســەرمووچەی سالانە بۆ هەر ساڵێکی خوێندن.

**سێیەم:**[1]

أ- ئەگــەر فەرمانبــەر بڕوانامەیەکی زانکۆیی بەرایی بەدەســت هێنا بوو کە ماوەی خوێندنی پێویســت بۆ بەدەســت هێنانی (5) ساڵ بێت پاش خوێندنی ئامادەیــی هاتــوو لە بڕگــە (ز) لە بڕگــەی یەکەمی ئەم مادەیــە و مابێتەوە لــە یەکێــک لە وەزیفەکانــی دەکەوێتە پلەی حەفتەم لــە ریزبەندی پلەکان لە ڕێکەوتی 2008/1/1، دەگوازرێتەوە بۆ پلەی شەشەم و بە مووچەی پایەی یەکــەم لەگەڵ ئەژمار کردنی ماوەی خزمەتی وەزیفی کە بەســەری بردووە لە پلەی حەفتەم بۆ مەبەســتەکانی ســەرمووچە و پلە بەرز کردنەوە، بەڵام ئەگەر هاتوو پلەی شەشەمی گرتبوو بە هۆی (پلە بەرز کردنەوە) بە پێی ئەم یاسایە ئەوا تەنیا ئەو ماوەی خزمەتی وەزیفی کە بەسەری بردووە لە پلەی حەفتەم ئەژمار دەکرێت بۆ مەبەستەکانی سەرمووچە و پلە بەرز کردنەوە.

ب- فەرمانبەر کە بڕوانامەی ماســتەر یان هاوتاکەی یان کۆلیژی پزیشکی عێراقی یان هاوتاکەی بەدەست هێناوە، کە هاتووە لە بڕگەی (ح) لە بڕگەی یەکەم لەم مادەیە و پێش 2008/1/1 دامەزراوە و تا ئێستاش ماوەتەوە لە یەکێک لە وەزیفەکانی کە دەکەوێتە پلەی شەشــەم، مووچەی پایە سێیەمی لەپلــە حەفتەمــی پێ دەدرێــت لەگــەڵ پارێزگاریکردن لە مــاوەی خزمەتی وەزیفی کە بەسەری بردووە لە پلەی شەشەم بۆ مەبەستەکانی سەرمووچە و پلە بەرز کردنەوە.

ج- فەرمانبــەری کــە بڕوانامــەی دکتۆرا یــان هاوتاکەی بەدەســتهێناوە و دامەزراوە لە پێش 2008/1/1 و تائێستا یەکێک لە وەزیفەکانی گرتووە لە

---

**(1) ئەم بڕگەیە زیاد کرا مادەی1 بڕگەی دووەم لە بە پێی یاسای ژمارە 103 ی ساڵی 2012.**

پلــەی پێنجەم، مووچەی پایە ســێیەمی ئەم پلەیــەی پێ دەدرێت و دووبارە تەســکین دەکرێتەوە لە ژێر رۆشنایی ئەم پلەیە لەگەڵ پارێزگاری کردن لە ماوەی خزمەتی وەزیفی کە بەســەریبردووە بۆ مەبەستەکانی سەرمووچە و پلە بەرز کردنەوە.

د- خێــرا کردنی بەرز کردنەوەی ناونیشــانی وەزیفی ئەو فەرمانبەرەی کە لــە ماوەی خزمەتی وەزیفیــدا بڕوانامەیەکی بەرزتر بەدەســت دەهێنێت لە بواری پسپۆرییە وەزیفییەکەی کە پیادەی دەکات لە فەرمانگەکەی بە پێدانی ناونیشــانێکی وەزیفی بۆ هەردوو ســاڵ لە رێکەوتی دەرچوونی (تخرج) تا دەگاتە پلەی ئێستای بە پێی ئەم مەرجانەی خوارەوە:

1 - هەبوونــی ناونیشــانی وەزیفی لە میلاک کە بســازێت لەگەڵ پەیکەری رێکخشتنی فەرمانگەکە، کە فەرمانبەرەکە تێیدا کار دەکات.

2 - دەبێت فەرمانبەرەکە خولێکی پێشخســتن ببڕێت بۆ هەر ناونیشــانێکی وەزیفی لە پسپۆی کارەکەی بە مەرجێک ماوەی خولەکە لە 2 هەفتە کەمتر نەبێت.

هـ - لــە جێبەجێ کردنــی بڕگەکانی (أ، ب، ج، د) هیــچ جیاوزییەکی دارایی خەرج ناکرێت.

## سەرمووچەی ساڵانە

**مادەی پێنجەم:**

سەرمووچەی ساڵانە دەدرێت بە فەرمانبەر لە کاتی تەواو کردنی (1) ساڵ لە خزمەتی وەزیفی بە رەچاو کردنی مادە 9ی ئەم یاسایە.

## پلە بەرز کردنەوەی فەرمانبەر

**مادەی شەشەم:**

**یەکەم:** پلە بەرز کردنەوە بریتییە لە گواستنەوەی فەرمانبەر لەو وەزیفەیەی کــە تێیدایە بۆ وەزیفەیەک کە راســتەوخۆ دەکەوێتە پلەیەکی بەرزتر دوای پلەی پێشتری لە پلەبەندنی وەزیفی.[1]

## مەرجەکانی پلە بەرز کردنەوەی فەرمانبەر

**مادەی شەشەم:**

**دووەم:** هەبوونــی ئەم مەرجانەی کە لە خوارەوە هاتوون لە کاتی پلە بەرز کردنەوە:

أ هەبووونی پلەی بەتاڵ یان وەزیفەی بەتاڵ لە پلەیەکی بەرزتر لەو پلەیەی کە تێیدایە لەنێو (ضمن) میلاکی وەزیفی فەرمانگەکەی.

ب_ تەواوکردنــی مــاوەی بڕیــاردراو بۆ پلــە بەرزکردنەوە کــە هاتووە لە خشتەی ژمارە 1. [2]

---

**(1) تکایە بڕوانە ڕێنمایی دارایی ژمارە 2ی ساڵی 2011 سەبارەت بە پلە بەرز کردنەوەی ئەوانەی کە تازە دادەمەزرێن. و هەروەها بە پێویستی دەزانین کەوا سەردانی ماڵپەڕی وەزارەتی دارایی و ئابووری بکەن www.mof.krg.org**

**(2) 1 – لە پلەکانی (2 و 3 و 4 و 5) بریتییە لە تەواو کردنی ماوەی یاسایی کە (5) ساڵ بەسەر دوا ڕێکەوتی پلە بەرز کردنەوەی پێشووی تێپەڕیبێت..**

**2 – لە پلەکانی (6 و 7 و 8 و 9 و 10) بریتییە لە تەواو کردنی ماوەی یاسایی کە (4) ساڵ بەسەر دوا ڕێکەوتی پلە بەرز کردنەوەی پێشووی تێپەڕیبێت..**

**3 – گۆڕینی مووچە و ناونیشانی فەرمانبەران لە پلە 2 بۆ پلە 1 بەپێی نووسراوی وەزارەتی دارایی و ئابووری ژمارە 284 لە 2015/1/18 ڕێکخراوە. بەم شێوەیەی خوارەوە:**

**1 – دیاری کردنی مەرجەکانی گۆڕینی ناونیشان بۆ (شارەزا، راوێژکاری یاسایی و دارایی و کارگێڕی و هونەری ... هتد) بەم شێوەیەی خوارەوە:**

**دەرچووی کۆلیژ بێت بە سەرەوە، 17 ساڵ خزمەتی وەزیفی کردەیی هەبێت، 5 ساڵ خزمەتی وەزیفی هەبێت لە پلە (2). هەبوونی پلەی بەتاڵ لەمیلاکی پەسندکراو، توێژینەوەیەک پێشکەش بکات بە لیژنەکە لەبواری پسپۆری خۆیدا =**

ج_ دەبێت فەرمانبەر مەرجەکان و توانای پێویستی هەبێت بۆ ئەو وەزیفەیەی بۆی کاندید دەکرێت بۆ پلە بەرز کردنەوە.

د- سەلماندنی تواناکانی فەرمانبەر بۆ وەرگرتنی ئەو وەزیفەیەی کە نیاز وایە پلەکەی بۆی بەرز بکرێتەوە بە راسپاردەی سەرۆکی راستەوخۆ و پەسند کردنی سەرۆکی باڵا.

## پێکهێنانی لیژنەی پلە بەرز کردنەوە

**مادەی حەفتەم:**[1]

**یەکەم:** بە فەرمانی وەزیر یان سەرۆکی لایەنی نەبەستراو بە وەزارەت یان کەسی راسپێردراو لیژنەیەکی پسپۆر پێک دەهێندرێت بە سەرۆکایەتی فەرمانبەرێک کە پلە وەزیفیەکەی لە یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی خوارتر نەبێت و دوو ئەندام کە پلەی وەزیفییان لە بەڕێوەبەر کەمتر نەبێت بۆ بینینی داواکارییەکانی پلە بەرز کردنەوە لە ماوەی 60 رۆژ لە رێکەوتی وەرگرتنی داواکارییەکە و کاندید کردنی فەرمانبەر بۆ پلە بەرز کردنەوە پاش دڵنیابوون لە هەبوونی مەرجەکانی بڕیاردراو بۆ پلە بەرز کردنەوە کە هاتووە لە بڕگە دووەم لە مادە 6ی ئەم یاسایە.

---

**=کە لە لایەن وەزارەتی خوێندنی باڵاوە پەسند کرابێت و لەگەڵ بڕوانامەی خوێندنی و شوێنی کار کردنی بگونجێت، 10 ساڵ بەسەر بڕوانامەی کۆلیژی تێپەڕبوو بێت کە بەدەستی هێناوە.**

**2 – دیاری کردنی مەرجەکانی گۆڕینی ناونیشان بۆ (یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی):**

**دەرچووی کۆلیژ بێت بە سەرەوە، 17 ساڵ خزمەتی وەزیفی کردەیی هەبێت، 5 ساڵ خزمەتی وەزیفی هەبێت لە پلە (2). هەبوونی پلەی بەتاڵ لە میلاکی پەسند کراو، گۆڕینی ناونیشانی بە دانان بێت نەوەک بە هەڵسان، لە هەیکەلی رێکخستن هەبێت.**

**3 – دیاری کردنی مەرجەکانی گۆڕینی ناونیشان بۆ (بەڕێوەبەری جێبەجێکار): دەرچووی پەیمانگا بەرەو بەسەرەوە، 17 ساڵ خزمەتی وەزیفی کردەیی هەبێت بۆ دەرچووی کۆلیژ و 20 ساڵ خزمەتی وەزیفی کردەیی هەبێت بۆ دەرچووانی پەیمانگا، 5 ساڵ خزمەتی وەزیفی هەبێت لە پلە (2). هەبوونی پلەی بەتاڵ لە میلاکی پەسندکراو، لێپرسراوی فەرمانگەیەکی سەربەخۆ بێت یاخود لێپرسراوی بەڕێوەبەرایەتییەک بێت لە پەیکەری رێکخستن هەبێت.**

**(1) بە پێی مادە2 لە یاسای ژمارە 103 ی ساڵی 2012 هەموار کرایەوە ، کە لە ژمارەی 426 لە 2012/12/31ی رۆژنامەی وەقایعی عێراقی بڵاو کراوەتەوە.**

**دووەم:** فەرمانی پلە بەرز کردنەوە دەردەچێت لە لایەن وەزیری تایبەتمەند یان سەرۆکی لایەنی نەبەستراو بە وەزارەت و پلە بەرز کردنەوەکەشی جێبەجێ دەکرێت لە ڕێکەوتی شایستە بوونی، ئەگەر خودی فەرمانبەر ڕۆڵی نەبووبێت لە دواکەوتنی پلە بەرز کردنەوەکەی.

**مادەی هەشتەم:**

**یەکەم:** ئەگەر مووچەی فەرمانبەری پلە بەرز کراو هاوتا بوو لەگەڵ یەکێک لە پایەکانی پلەی بەرزکراوەکە، ئەوا مووچەی پایەتی دواتری پێ دەدرێت کە لەگەڵ مووچەکەی هاوتا بێت.

**دووەم:** ئەگەر مووچەی فەرمانبەری پلە بەرز کراو کەوتە نێوان دوو پایە (مەرتەبە) لەو پلەیەی کە بۆی بەرز کراوەتەوە، ئەوا مووچەی پایەی بەرزتری پێ دەدرێت.

## پلە بەرز نەکردنەوەی فەرمانبەر بەهەر هۆیەک بێت

**مادەی نۆیەم:**

**یەکەم:** ئەگەر نەتوانرا فەرمانبەر پلەی بەرز بکرێتەوە بۆ پلەی دواتر یان پێدانی سەرمووچەی ساڵانەی بۆ گەیشتن بە بەرزترین ڕادەی مووچەی پلەکەی، دەکرێت بەردەوام سەرمووچەی ساڵانەی پێ بدرێت لە پلەی دواتری پلەکەی خۆی.

**دووەم:** فەرمانبەری پایە 11ی پلە یەکی وەزیفی سەرمووچەی بەردەوام دەبێت کە تێپەڕ نەبێت لە نزمترین ڕادەی پلە باڵاکان (ب) [1]

**(1) ئەگەر نەتوانرا فەرمانبەرێک پلەی بەرز بکرێتەوە بۆ پلەیەکی بەرزتر، بە هەر هۆیەک بێت یان بە هۆی بڕوانامەکەی بێت ئەوا بە سەرمووچەی ساڵانەی پێ دەدرێت و بە سەرمووچە مووچەی دەچێتە پلەیەکی بەرزتر بەڵام ناونیشنی ناگۆڕدرێت.**

**نموونە: فەرمانبەرێک خزمەتی زۆری هەیەو بەهۆی نەبوونی بڕوانامەی دبلۆم یان بکالۆریۆس پلەی بەرزنابێتەوە=**

## دەرماڵەکان [1]

### دەرماڵەی پایە:

**مادەی دەیەم:**

**یەکەم:** 30 % مووچەی بنەڕەتی ئەوانەی پایەی یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتییان هەیە و لە پەیکەری ڕێکخستنی فەرمانگەکەی هاتبێت.

**دووەم:** 25 % مووچەی بنەڕەتی بۆ سەرپەرشتیارانی پسپۆری و سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی و بەڕێوەبەرانی قوتابخانەکان و پەیمانگەکان و فێرکردنی پیشەیی.

**سێیەم:** 25 % مووچەی بنەڕەتی بۆ ئەوانەی کە پێکهاتەیەک بەڕێوە دەبەن کە لە خوار ئاستی فەرمانگە بێت و لە پەیکەری ڕێکخستنی فەرمانگەکەی هاتبێت.

**چوارەم:** 20 % مووچەی بنەڕەتی بۆ ئەوانەی پایەی بەڕێوەبەرانی بەشیان هەیە.

**پێنجەم:** 15 % مووچەی بنەڕەتی بۆ یاریدەدەری بەڕێوەبەری قوتابخانەکان و پەیمانگەکان و فێرکردنی پیشەیی و یاریدەدەری بەڕێوەبەرانی پێکهاتەکانی هاتوو لە هەردوو بڕگەی (سێیەم و چوارەم)ی ئەم مادەیە و سەرۆکی هۆبەکان.

---

**= بۆ پلە 1ی وەزیفی و لە پلەی 2 مەرتەبە 5 دایە، کەوا پێویستە پلەی بەرز ببێتەوە بەڵام بە هۆی بڕوانامە ناتوانرێت پلەکەی بەرز بکرێتەوە لەو حاڵەتەدا بە سەرمووچەی ساڵانە مووچەی دەڕوات واتە (پلە 2، مەرتەبە/6، 7، 8، 9 ، 10، 11، 12، 13...هتد) • لە خشتەی ژمارە 1 لە هەموو پلەکان تەنیا تا 11 مەرتەبە هەیە کەواتە مەبەست لە 12 و 13.. هتد )چیە؟**

**مەبەستە مووچەکەی دەچێتە مووچەی پلە 1 مەرتەبە 1 واتە تەنیا مووچەکەی دەبێتە پلە یەک بەڵام ناونیشانەکەی ناچێتە پلە 1 و هەر لە پلە 2 دەمێنێتەوە واتە (پلە 2 مەرتەبە 13، 14، 15، هتد).**

(1) **تکایە بڕوانە ڕێنمایی وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان بکرێت ژمارە 8ی ساڵی 2009 .**

## دەرماڵەی بڕوانامە

**مادەی یازدەیەم:**[(2)]

**یەکەم: پێدانی دەرماڵەی بڕوانامە بە پێی ئەم ڕێژانەی لە خوارەوە هاتوون:**

أ- 100 % لـە مووچـەی بنەڕەتـی بـۆ هەڵگرانـی بڕوانامـەی دکتۆرا و هاوتاکەی.

ب- 75 % لـە مووچـەی بنەڕەتـی بـۆ هەڵگرانـی بڕوانامەی ماسـتەر و هاوتاکەی.

ج - 55 % لـە مووچەی بنەڕەتی بـۆ هەڵگرانی بڕوانامەی دبلۆمی باڵا کە ماوەی خوێندنەکەی لە 1 ساڵی خوێندن کەمتر نەبێت پاش خوێندنی زانکۆ.

د- 45 % لـە مووچـەی بنەڕەتی بـۆ هەڵگرانی بڕوانامـەی بەرایی زانکۆ (بکالۆریۆس).

هـ - 35 % لە مووچەی بنەڕەتی بۆ هەڵگرانی بڕوانامەی دبلۆمی هونەری و مامۆسـایان کە هیچێک لەم بڕوانامانەی بڕگەکانی (أ) و (ب) و (ج) و (د) سەرەوەیان بەدەست نەهێناوە.

و- 25 % لـە مووچـەی بنەڕەتی بۆ هەڵگرانی بڕوانامـەی دواناوەندی بە گشت لقەکانی (زانستی، وێژەیی) و ئامادەییە پیشەییەکان.

**دووەم:** پێدانی دەرماڵەی پیشەیی بە ڕێژەی 15 %ی مووچەی بنەڕەتی کە هەڵگری بڕوانامەکانی هاتوو لە بڕگەی (1)ی ئەم مادەیە نین.

---

**(2) تکایە بڕوانە ڕێنمایی وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان بکرێت ژمارە 19ی ساڵی 2010 تایبەت بە بڕوانامە..**

## دەرماڵەی شوێنی جوگرافی:

### مادەی دوازدەیەم:[1]

**دەرماڵەی شوێنی جوگرافی دەبەخشرێت بە پێی کە لە خوارەوە هاتووە:**

**یەکەم:** 60000 دینار بۆ ئەوانەی لە شوێنە دوورەدەستەکان کار دەکەن.

**دووەم:** (50000) دینار بۆ ئەوانەی لە شوێنە لادێییەکان کار دەکەن.

**سێیەم:** (40000) دینار بۆ ئەوانەی لە ناوەندی ناحیەکان کار دەکەن جگە لە ناحیەکانی دەکەوێتە ناوەندی پارێزگاکان و قەزاکان.

**چوارەم:** (30000) دینار بۆ ئەوانەی لە ناوەندی قەزاکان کار دەکەن جگە لە قەزاکانی ناوەندی پارێزگاکان.

**پێنجەم:** (20000) دینار بۆ ئەوانەی کە لە ناوەندی پارێزگاکان کار دەکەن کە هۆی گوستنەوەی خۆڕاییان نییە.[2]

## دەرماڵەی ترسناکی

### مادەی سێزدەیەم:

لە دەسەڵاتی وەزیرە یان سەرۆکی لایەنی نەبەستراو بە وەزارەتە بە پێدانی دەرماڵەی ترسناکی پیشەیی لە نێوان (20 % تا 30 %)ی مووچەی بنەڕەتی بە پێی ڕێنماییەک کە لە وەزارەتی دارایی دەردەچێت[3] & [4]

---

**(1) تکایە بڕوانە ڕێنمایی دارایی ژمارە 10ی ساڵی 2012 ..**

**(2) واتە ئەو فەرمانبەرانەی بە ئۆتۆمبیلی فەرمانگەکانیان هاتووچۆ دەکەن ئەم دەرماڵەیەیان بۆ خەرج ناکرێت.**

**(3) لە هەرێمی کوردستان بە چەندین ڕێنمایی کە لە لایەن وەزارەتی داراییەوە دەرچووە بە خەرج کردنی دەرماڵەی ترسناکی لەبەر زۆری ڕێنماییەکان بەپێویستی دەزانین کەوا سەردانی ماڵپەڕی وەزارەتی دارایی و ئابووری بکەن www.mof.krg.org**

**(4) لە هەرێمی کوردستان ئەم دەسەلاتە لە دەسەلاتی ئەنجوومەنی وەزیرانە نەک وەزیر و سەرۆکی لایەنی نەبەستراو بە وەزارەت.**

## دەرماڵەی خێزان و منداڵ:

**مادەی چواردەیەم:**[1] & [2]

**یەکەم: دەرماڵەی خێزان**

أ- فەرمانبەر یان هاوسەرەکەی (کە فەرمانبەر بێت) دەرماڵەی خێزانی پێ دەدرێت بە بڕی (50000) دینار .

ب- فەرمانبەری ئافرەت کە هاوسەرەکەی فەرمانبەر نییە واتە (کاسبە) دەرماڵەی خێزانی هاتوو لە بڕگەی (أ)ی پێ دەدرێت.

ب - فەرمانبەری ئافرەتی بێوەژن یان فەرمانبەری پیاوی بێوەمێرد و فەرمانبەری ئافرەتی تەڵاقدراو دەرماڵەی خێزانی هاتوو لە بڕگەی (أ)ی پێ دەدرێت.

**دووەم: دەرماڵەی منداڵ**

**دووەم:** پێدانی فەرمانبەری هاوسەرگیر (متزوج) دەرماڵەی منداڵ بە بڕی (10000) دینار بۆ هەر منداڵێک تا منداڵی چوارەم (بە منداڵی چوارەمیشەوە)، هەروەها پێدانی ئەم دەرماڵەیە بەو فەرمانبەرە ئافرەتەی کە هاوسەرەکەی کاری تر دەکات (فەرمانبەر نییە).

**سێیەم:**

أ- فەرمانبەری ئافرەتی بێوەژن یان فەرمانبەری پیاوی بێوەمێرد دەرماڵەی خێزانی هاتوو لە بڕگەی دووەمی ئەم مادەیەی پێ دەدرێت بە مەرجێک منداڵەکانی مووچەیەکی خانەنشینی وەرنەگرن.

ب- فەرمانبەری ئافرەتی تەڵاقدراو لە کاتی لەباوەش گرتن و بەخێو کردنی منداڵەکانی لە کاتی تەڵاق یان جودابوونەوە بە پێی بڕیارێکی دادوەری بنبڕ،

---

**(1) تکایە بڕوانە ڕێنمایی وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان ژمارە 40 و 49ی ساڵی 2008.**
**(2) ئەم مادەیە بە پێی مادە 3 لە یاسای ژمارە 103ی ساڵی 2012 هەمواری یەکەمی یاسای ژمارە 22ی ساڵی 2008 هەموار کراوەتەوە.**

دەرماڵــەی منداڵی پــێ دەدرێت و ئەم دەرماڵەیە لــە مێردەکەی رادەگیرێت ئەگەر هاتوو تێچووی شەرعی بۆ دیاری کرا بێت یان نا.

**چوارەم:**

أ- خەرج کردنی دەرماڵەکانی هاتوو لە بڕگەی دووەمی ئەم مادەیە بەردەوام دەبێت بۆ کوڕ تا تەمەنی 24 ســاڵی تەمەنی ئەگەر هاتوو بەردەوام بوو لە ســەر خوێندن و رادەگیرێت لە کاتی تەواو کردنی 18 ساڵی تەمەنی ئەگەر خوێندنی بەجێ هێشت بوو.

ب- خەرج کردنی دەرماڵەکانی هاتوو لە بڕگەی دووەمی ئەم مادەیە بەردەوام دەبێت بۆ کچ ئەگەر هاتوو هاوسەرگیری نەکرد بوو یان فەرمانبەر نەبوو.

## دەرماڵەی تایبەت:

**مادەی پازدەیەم:**[1]

بۆ ئەنجوومەنی وەزیران هەیە بە پێدانی دەرماڵەی تایبەت کە زیاتر نەبێت لە (50 %)ی مووچەی بنەڕەتی ســەرباری دەرماڵەکانی تر کە لە سەرەوە هاتووە بۆ چارەسەر کردنی هەر بارودۆخێک یان بارێکی تایبەت.

## 200 % ی دەرماڵە:

**مادەی شازدەیەم:**

نابێــت کۆکــراوەی گشــت دەرماڵەکان لــە 200 % ی مووچــەی بنەڕەتی تێپەڕبێت جگە لە دەرماڵەکانی (تایبەت و خێزان و منداڵ)

**(1) لە هەرێمی کوردستان بە چەندین رێنمایی کە لە لایەن وەزارەتی داراییەوە دەرچووە بە خەرج کردنی دەرماڵەی ترسناکی لەبەر زۆری رێنماییەکان بە پێویستی دەزانین سەردانی ماڵپەڕی وەزارەتی دارایی و ئابووری بکەن:**
**www.mof.krg.org**

## کاری سەرەڕایی

**مادەی حەڤدەیەم:**

بۆ وەزیر یان سەرۆکی لایەنی نەبەستراو بە وەزارەت یان کەسی راسپێردراو لەلایانــەوە هەیە، کــە داوا لە فەرمانبەران بکات بۆ کاری ســەرەڕایی پاش کاتەکانــی کار کردنی ئاســایی (بە مەرجێک لە 3 کاتژمێــر زیاتر نەبێت) و پێدانیــان کرێی ئەم کاتژمێرە کار کردنانە بــە پێی رێنماییەک کە وەزارەتی دارایــی و ئابــووری دەری دەکات و پێدانی ئەم کرێیەش ئەژمار ناکرێت لە رێژەی بەدەری 200 % کە لە مادەی 16 باس کراوە.[1]

**مادەی هەژدەیەم:**

فەرمانبەرانــی وەزارەتــەکان و لایەنی نەبەســتراو بــە وەزارەت، ئەوانەی یاساکانی خزمەتی تایبەت دەیانگرێتەوە، بەردەوام دەبن لە سەر وەرگرتنی دەرماڵەکانــی کــە پێیان دراوە بە پێی ئەم یاســایانە لەگــەڵ رەچاو کردنی حوکمەکانی مادە 16ی ئەم یاسایە.

**مادەی نۆزدەیەم**:

فەرمانبەرانی هەر سێ دەستەی سەرۆکایەتییەکە (ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێــراق و ســەرۆکایەتی کۆمار و ســەرۆکایەتی ئەنجوومەنــی وەزیران) و فەرمانبەرانــی وەزارەتــی بەرگــری و وەزارەتی ناوخۆ لە ســەربازییەکان بــەردەوام دەبن لە وەرگرتنی دەرماڵەکانی کە پێیان دراوە لە شــوێنی ئەم دەرمالانەی لەم یاسایەدا هاتوون تا دەرچوونی یاساکانی تایبەت بە خۆیان.

**مادەی بیستەم:**

هەڵوەشــاندنەوەی هــەردوو مادەی ســێیەم و پێنجەم لە یاســای خزمەتی شارستانی ژمارە 24ی ساڵی 1960 هەموار کراو.

---

**(1) تکایە بڕوانە رێنمایی وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێم ژمارە 4ی ساڵی 2009 تایبەت بەکاری سەرەڕایی.**

**مادەی بیست و یەکەم:**

هەڵوەشاندنەوەی فەرمانی دەسەڵاتی هاوپەیمانانی کاتی (هەڵوەشاوە) ژمارە 30ی ساڵی 2003.

**مادەی بیست و دووەم:**

وەزیری دارایی هەڵدەستێت بە دەرچوواندنی ڕێنماییەکانی پێویست بۆ ئاسان کردنی جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە.[1]

**مادەی بیستە و سێیەم:**

ئەم یاسایە بڵاو دەکرێتەوە لە ڕۆژنامەی فەرمی و جێبەجێ دەکرێت لە 2008/1/1ـەوە.

---

**(1) تکایە بڕوانە ڕێنمایی وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان ژمارە 21ی ساڵی 2008 .**

## مووچەی بنەڕەتی پلەکانی وەزیفی لەم خشتەیە روون کراوەتەوە

## خشتەی ژمارە (١) سیستەمی مووچە / هەزار دینار

| پلەی تایبەت | سالانی خزمەت – سەرمووچەی سالانە | | | | | | | | | | | زیادەی سالانە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | 1 | 2 | 3 | 4 | 5 | 6 | 7 | 8 | 9 | 10 | 11 | |
| أ | 2413 | 2496 | 2579 | 2662 | 2745 | 2828 | 2911 | 2994 | 3077 | 3160 | 6243 | 83 |
| ب | 1500 | 1583 | 1665 | 1749 | 1832 | 1915 | 1998 | 2081 | 2164 | 2247 | 2330 | 83 |

| پلە وەزیفییەکان | سالانی خزمەت – سەرمووچەی سالانە | | | | | | | | | | | زیادەی سالانە | سالانی لە بەرز کردنەوە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | 1 | 2 | 3 | 4 | 5 | 6 | 7 | 8 | 9 | 10 | 11 | | |
| 1 | 948 | 968 | 988 | 1008 | 1028 | 1048 | 1068 | 1088 | 1108 | 1128 | 1148 | 20 | |
| 2 | 758 | 775 | 792 | 809 | 826 | 843 | 860 | 877 | 894 | 911 | 928 | 17 | 5 |
| 3 | 621 | 633 | 645 | 657 | 669 | 681 | 693 | 705 | 717 | 729 | 741 | 12 | 5 |
| 4 | 509 | 519 | 529 | 539 | 549 | 559 | 569 | 579 | 589 | 599 | 609 | 10 | 5 |
| 5 | 429 | 436 | 443 | 450 | 457 | 464 | 471 | 478 | 485 | 492 | 499 | 7 | 5 |
| 6 | 362 | 368 | 374 | 380 | 386 | 392 | 398 | 404 | 410 | 416 | 422 | 6 | 4 |
| 7 | 296 | 302 | 308 | 314 | 320 | 326 | 332 | 338 | 344 | 350 | 356 | 6 | 4 |
| 8 | 240 | 245 | 250 | 255 | 260 | 265 | 270 | 275 | 280 | 285 | 290 | 5 | 4 |
| 9 | 185 | 190 | 195 | 200 | 205 | 210 | 215 | 220 | 225 | 230 | 235 | 5 | 4 |
| 10 | 140 | 144 | 148 | 152 | 156 | 160 | 164 | 168 | 172 | 176 | 180 | 4 | 4 |